# دێرینکۆیۆ لە نێوان

## جیهانی ژێرەوەی داستانی دەمموزی و بەهەشتی ژێرزەمینی جەمشید دا

(PP 274 - 296)

**دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر/ کۆلیژی زمان / بەشی زمانی کوردی**

Dr.mawlud@gmail.com

Mawlud.hassan@su.edu.krd

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/29**

**DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.17**

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەفسانەو ئایین و شوێنەوار سێینەی هەرەکۆنن کە مرۆڤ جێ دەست و هزری خۆی تێدا بە جێهێشتووەو چالاکی خۆی تێدا نواندووە ،بە پێی توێژینەوە زانستیەکان دەرکەوتووە کە مرۆڤ لە ڕۆژگارێکی یەکجار زووەوە لە سەر ئاستی (ئایین و ئەفسانەو فەلسەفە)ەو بیری کردووتەوەو بە پێی ئەو ئایین و ئەفسانەو فەلسەفەشەوە شاخی هەڵکۆڵیوەو نەخشی کردووەو پەرستگاو پەیکەرو خانووی درووستکردووە . ئێمە بۆ سەڵماندنی ئەم ڕایە لەم توێژینەوەیەدا شاری (دێرینکۆیۆ ) ژێر زەوی لە باکووری کوردستان لە گەڵ ( جیهانی ژێرەوە )ی داستانی (ئینەننا و دەمموزی = عەشتارو تەموز) سۆمەری و (بە هەشتی ژێرزەمینی ) جەمشیدی پاشای کەیانیدا دەکەین بە بابەتی توێژینەوەویەکی بەراوردکاری و بە دوای زەمەن و خاڵە هاو بە شەکانیان دا دەگەڕێن و هەولدەدەین پەیوەندی نێوانیان بدۆزینەوەو ڕووداوە مێژووییەکان و ڕووداوی داستانەکان بهێنینەوە نێو جوگرافیای دێرێنکۆیۆ ولە مەشدا پەنا بۆ زانستیی شوێنەوارو مێژووی کۆن و هێما ئایینی و فەڵسەفیەکانی ئەو بیرو هزرە کۆنانە دەبەین کە سەرەداوو شوینەواریان لە جوگرافیای ڕووداوی داستانەکان دەستدەکەون .لەم لێکۆلینەوەشدا بە پێی پێویست سود لە زیاتر لە پسپۆریەک وەردەگرین ، ئەویش ( زانستی ئەفسانە ناسیی و شوێنەوارناسیی و ئاییناسیی و مرۆڤناسیی و مێژووە ) کە لای ئێمە لێکۆڵینەوەکان سەڵماندوویانە کە پسپۆریەکان هەرهە موویان بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤن لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا، هەربۆیە لەزۆر ڕووەو تێکدەکەنەوەو لێکداناپرێن.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانە دەستنیشان دەکەین کە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە ،

کلیلی وشەکان: جیهانی ژێرەوە ،بەهەشتی ژێرزەمینی ، عەشتار، دەمموزی ، جەمشید ، دێرینکۆیۆ.

## پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

## زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر – ٢٠١٩/٦

Dr.Mawlud Ibrahim Hassan/

هێمابە کار هاتووەکان: بۆناسینەوەی سەرچاوەو کتێبەکان ئەم هێمایانەمان بە کار هێناوە.

١-کتێبەکان ژمارەی زنجیرەیی بۆ نووسراوەو ئەگەر کوردی بێت –ک- لەگەل داندراوە ،-ع- بۆ کتێبە عەرەبیەکان و –ف- اس بۆ کتێبە فارسیەکان و لە گەل ناوی نووسەر.

٢-لە سەرچاوە ئەلەکترۆنیەکانیش دیسان بە دانانی –ک- ی کوردی و –ع- عەرەبی و –ف –ای فارسی کتێبەکان لیکجیاکراونەتەوە.

وشە کلیلییەکان : جیهانی ژێرەوە ، بە هە شتی ژێر زەمین ، دەمموزی ، عەشتار ، جەمشید ، دێرینکۆیۆ ،

## پێشەکی:-

ئەفسانەو ئایین و شوێنەوار سێینەی هە رەکۆنن کە مرۆڤ جێ دەست و هزری خۆی تێدا بە جێهێشتووەو چالاکی خۆی تێدا نواندووە ، بە پێی توێژینەوە زانستیەکان دەرکەوتووە کە مرۆڤ لە ڕۆژگارێکی یەکجار زووەوە لە سەر ئاستی (ئایین و ئەفسانەو فەلسەفە )ەو بیری کردووتەوەو بەپێی ئەو ئایین و ئەفسانەو فەلسەفەشەوە شاخی هە ڵکۆلیوەو نەخشی کردووەو پەرستگاو پەیکەرو خانووی درووستکردووە . ئێمە بۆ سەڵماندنی ئەم ڕایە لەم توێژینەوەیەدا شاری (دێرینکۆیۆ ) ی چین لە ژێر چێنی ژێر زەوی لە باکووری کوردستا لە گەڵ ( جیهانی ژێرەوە )ی داستانی (ئینەننا و دەمموزی = عەشتارو تەموز) سۆمەری و (بە هە شتی ژێرزەمینی ) جەمشیدی پاشای کەیانیدا دەکەین بە بابەتی توێژینەوەویەکی بەراوردکاری و بە دوای زەمەن و خاڵە هاو بە شەکانیان دا دەگەڕێن و هە وڵدەدەین پەیوەندی نێوانیان بدۆزینەوەو ڕووداوی داستانەکان بهێنینەوە نێو جوگرافیای دێرێنکۆیۆ ولە مەشدا پەنا بۆ زانستیی شوێنەوارو مێژووی کۆن و هێما ئایینی و فەڵسەفیەکانی ئەو بیرو هزرە کۆنانە دەبەین ، کە سەرەداوو شوینەواریان لە جوگرافیای ڕووداوی داستانەکان دەستدەکەون .لەم لێکۆلینەوەشدا بە پێی پێویست سود لە زیاتر لە پسپۆریەک وەردەگرین، ئەوێش (زانستی ئەفسانە ناسیی و شوێنەوارناسیی و ئاییناسیی و مرۆڤناسیی و مێژووە) کە لای ئێمە لێکۆڵینەوەکان سەڵماندوویانە کە پسپۆریەکان هە رهە موویان بەرهە می بیرکردنەوەی مرۆڤن لە هە موو سەردەم و شوێنێکدا، هە ربۆیە لەزۆر ڕووەو تێکدەکەنەوەو لێکداناپڕێن.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانە دەستنیشان دەکەین کە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە:

گرفتی توێژینەوەکە:-

ئەوەی لە م توێژینەوە یەدا و ئەوەی مەبەستمانەو وەک گرفت ماوەتەوەو تائێستا لە توێژینەوە جیهانیەکانیش چارەسەرنەکراوەو بە پرسیار ماوەتەوە ، بە واقیعکردنی هە ندێک لە ڕووداوە ئەفسانەیی و ئایینیەکۆنەکانە . لێر لە ئەفسانە مەبەستمان ئەو ئەفسانانەن کە بە شێکن لە مییژوو وئێستا وەک خەیاڵ و نەبوو دەناسرێن، هە روەها لە ئایینیش مە بەست ئەو ئاینانەن کە لە دەرەوی ( ئایینە ئاسمانیەکان) ن و ڕۆژگارێکی زۆریان بە سەردا ڕابردووەو لە دنیایی باوەڕو خەیاڵ ماونەتەوە. ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێ لە ئەفسانەو

خەیاڵەوە جارێکی تر بیانکەین بە واقیع و شوێنی ڕووداوکانیان بدۆزینەوەو بیانکەین بە بەشێک لە مێژووی کۆنمان . لێرەش سی بابەتی هە رەگرنگمان هە ڵبژاردووە ، کە بێ شک گرنگیەکی جیهانیان هە یە ..ئەوێش (جیهانی ژێرەوەی داستانی تەمموزو عەشتاری سۆمەری و( بەهە شتی ژێرزەمینی)ی جەمشیدی پاشای ئەفسانەیی کەیانیەکانی ئێران و ڕۆژهە ڵات و (شاری ژێرزەمینیی دێرینکۆیۆ)ی چەند ین چین بە  ژێریەکەوەی ژێر زەویەکەی کوردستانی باکوورە و کە هە رئێستا ناوبانگیکی ئەفسانەیی هە یە.

لە ئەفسانەی خەیاڵەوە بۆ زەمینی بەرچاو

هةر ئێستا لە نیو ئەو ئەفسانانەی کە لە نێو کوردەواری دگێردرێنەوە ، زۆر جار ئەفسانە دەگاتە شوێنێک و پاڵەوان لە – کونە شاخیک – یان لە – دەمی بیرێک – ەو دەچێتە جیهانیکی ترو لە ئەفسانەکەدا بە – بن دونیایێ – ناو دەبردرێ ، ئەو بن دونیایە هە مان ئەو – عالم السفلی – جیهانی ژێرەوە - یەی ئەفسانە ی سۆمەرییەکانە ! ئەرێ ناکرێ ئەو کونەشاخ و دەمە بیرە هە ر ئێستا ش لە نیو وڵاتدا هە بن بتوانین بە چاوی سەری خۆمان بیبێنین ؟ هە بن و بتوانین لە وێوە ئێمەش بچینە ئەو بن دونیاو جیهانی ژیرەوە یە!؟ بەڵێ ..هە رئێستا لە کوردستان زۆر ئەشکەوت هە ن تا ئیستا هیج کەس نەگەیشتوونەتە  کۆتایی و لێکۆڵەران بۆیان ڕوون نە بووەتەوە لە نیو ئەم کونە بێ بنەدا دواجار چی هە یەو چی هە بووە ! لە( چیای قەرە چوغ) لە سەر قسەی دانیشتوانی ناوچەکە کونە ئەشکەوتی واهە یە کە جۆگە ئاوی بە ناودا دەڕواو زۆر کەل و پەلی تێدا بووە کە دەستیان داوەتێ بوون بە خۆڵ و ئەشکەوتەکە لە هە ندێ جیگادا زۆر فراوانەو لە هە ندێ جێگاش دەبێ لەسەر زگ بۆی بخشی و هێشتا کەس نە گەیشتووەتەبنی و لە ڕووی شوێنەواریەوە نەدۆزراوەتەوەو تۆمار نە کراوە .( ١-ک- حەسەن.٢٠٠٠) زۆر جار باسی بیرێک دەکرێ کە هێندە قووڵە هە رچی هە ردەدەنە خوارەوە ناگاتە بنی ! ئایا ناکرێ ئەم دەرگاو کون و دەمە بیرانە دەرگای شارێکی ژێر زەوی بن وەک دەرگای ( دێرینکۆیۆ ) ئەو دەرگاو کونەی لەساڵی ١٩٦٣ دا هاوڵاتیەک کە خەریک بوو خانووەکەی خۆی دەسکاری دەکرد لە ڕپر کونیک پەیدابوو ، دواجار ئەو کونە دەرگای شاریک بوو کە (١١) چین لەژێر یەک هە لکۆڵراون و هێندە گەورەو سەیرە پسپۆران بە ( شاری جنۆکان ) ی ناو دەبەن ، ئەو شارە بە قسەی شوێنەوارناسەکان جێگای ٣٠ هە زار تا ٥٠ هە زار کەسی تێدا دەبیتەوە !! ئەو دێرینکۆیۆیە دەکەوێتە ناوچەی ( وێران شەهر) و لە کوردستانی باکوور . توبڵێ ئەو دێرینکۆیە هە مان ئەو شارە نەبێت کە( زەینە فۆن) سەرکردەی گەڕانەوی دەهە زاریۆنانیەکە لە ساڵی ٤٠١پێش زایین باسی دەکات ؟ زەینەفۆن لەبارەی شارێکی ژێر زەوی دەنووسێ :( خانووەکانی ئێرە لەبن زەوی دروستکرابوون دەرگاکان وەکوبیروابوون بەڵام ، لەخوارێ فراوان دەبوونەوە ، تۆنیل بۆئاژەلەکان لی درابوو ، کەچی خەلکەکان بە پەیژە دەچوونە خوارێ ،لە نیوماڵە کانیشدا مەڕوبزن ومانگا هە موو بە بە چکەوە لەوی بوون،گەنم وجۆوشەڕابی جۆلە نیو کووپە دانرابوون کووپەکان پڕکرابوون و لییان دەڕژا ، قەمیشیان تێڕاکرابوون،کەسێک تێنووی بایەقەمیشی  لە شەڕابەکە ڕادەکرد وهە لی دەلووشت ، شەڕابەکە توندبوو، دەبووایە ئاوی تێکەڵ بکرێت .پیاوکە لێی ڕاهاتبا پێی دڵخۆش دەبوو) (. ٢-ک- محمد، ل٢٠١٢،١٣٦) . زەینەفۆن ئەم باسکردنەی پاش ئەوە دێت کە لە ڕووباری خابوور دەپیرێتەوە ودەگاتە کوردستانی باکووری ئێمڕۆ . ناکرێ ئەم خانووانەی ژێرزەوی هە مان دێرێنکۆیۆی ئێستابن کە هە موو ئەو باسانە دەیگرێتەوە کە زەینەفۆن بۆ – خانووەکان – شاری ژێرزەویەکەی کردوون !؟ هە ر زەینەفۆن لە درێژەی نووسین و بەردەوامی گەڕانەوەکەی کە هێشتا هە

رلەکۆردستانە و پێش باسکردنی – خانووەکانی ژێر زەوێ – باسێکی سەیر دەگێڕیتەوە کە خۆی نازانێ چۆنی لێکبداتەوە . دەنووسێ : ( گەیشتینە دەشتاییەک لە دوورەوە خەلکیکی زۆرمان بینی لەنێو پوشووپاوانەوە بە مەڕومالاَت و ئەسپ و گاو ژن و منداڵەو دیاربوون ، کە چاویان بە سوپاکەی ئێمە کەوت ترسان و لە ماوەیەکی کەمدا ئەو هە موو حەشاماتە لە بەرچاو ون بوون و نەمانزانی ، ئاسمان هە ڵیکێشان یان زەوی قوتی دان ؟ ) (٢-ک-محمد،ل٤٤،٢٠١٢ ) ئەی ناکرێ ئەو خەڵکە چووبنەتەوە نیو ئەو شارەی ژێر زەوی کە ئەمڕۆ بە – دێرێنکۆیۆ – لە جیهاندا دەناسرێ ؟ بەتایبەت کەدەرکەوت ئەم شارە جێگای ژیانی دەیان هە زار کەسی تێدا دەبێتەوە بە مەڕومالاَت و گاو ئەسپەوە و هە موو پێویستیەکی ژیانیشی تێدا پارێزاراوە !یان شاریک بێت لەو شارە زۆرانەی ژێرزەوی کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە مێژوو باسیان دەکات؟ئێمەش لە م توێژینەویەدا هە ولَدەدەین ئەم ڕووداوە ئەفسانەیی و خەیالاَویانە بە شێوەیەکی زانستی بکەین بە ڕووداوی بەرچاوی مێژوویی و شوێنی ڕووداوەکان بدۆزینەوە.

شاری دێرینکۆیۆ :-

شاری دیرینکۆیۆ ئێستا وەک شارێکی گەشتیاری ناوبانگییکی جیهانی هە یەو ساڵانە بەهۆی ئەو شارەوە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە ترکیا دەکەن ، ئەو شارە بە هۆی تاقانەییەوە لە جیهان بە زۆر جۆر باس دەکرێت .ئێستا جەند مانشێتێکی نێو میدیاکان هە ڵدەبژێرین کە بە سەر سوڕمانەوە باسی ئەو شارە دەکەن:-

-شاری دێرینکۆیۆ یەکێ لە جوانترین شارەکانی ژێرزەوی جیهانە .(٩-مدینە دیرینکویو اجمل-٢٠١٨٨/١٢/١)

-شاری دێرینکۆیۆی ژێرزەوی شاری جنۆکانە .(٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٢١)

-پیویستی دایکی داهینانە نهێنی شاری دێرینکۆیۆی ترکیایە .(منعم گالب-٢٠٠٨)

-دێرینکۆیۆ شاریکی تەواو لەژێر زەوی ترکیا.(٦-دیرینکویو مدینە-٢٠١٨/١٢/٢١)

-شاری دیرینکۆیۆ یەکێ لە شارستانیەتەکانی ژیر زەوی ترکیایە (١٣-مدینە دیرینکویو احدی-٢٠١٨/١٢/٢١)

-گەورەترین شاری ژیرزەمینی ترکیا دۆزرایەوە .(٧-ف-بزرگترین شهر-٢٠١٨/١٢/٢٢)

-دیرینکۆیۆ شاری ژێرزەمینی زەردەشتیان.(٨-ف-دیرینکویو شهر-٢٠١٩/١/١٤)

-پەناگای ژیرزەمینی ییەما جەمشید لە رۆژگارانی یەخبەندان (١٢-اربیل..٢٠١٨/١/١٠)

ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ناونیشان و سەردێرانە هە موویان جۆرێک لە هە واڵی گرنگ و سەیرو نە زانراو لە خۆیاندا هە ڵدەگرن ، ئەمەش هە مووی بۆ سەیرو سەمەرەیی ئەو شارە دەگەڕێتەوە.

دۆزینەوەی شاری دێرینکۆیۆ:-

له جیهان زۆر شاری ژیر زەوی هه ن، هه رله ناوچەی :( کابادۆکیا ٣٦شاری ژێرزەمینی میژوویی هه یه)(٧-مدینه دیرینکویو-٢٠١٨/٣١-١٢) ساڵی (١٩٦٣ لەکاتی نوێکردنەوەی یەکێ له خانووەکان لەناوچەی دێرینکۆیۆی سەربه شاری – نوشەهر- له ناوه ڕاستی ترکیا دەرگایەک دەرکەوت ، دواجار دەرکەوت ئەودەرگایه دەرگای شارێکی ژیر زەوییه )(٨-شیار جمو-٢٠١٨/٣١-١٢) له پاشان لێکۆڵینەوەکان بۆیان دەرکەوت که؛( هه ندێک دەڵین ٨چین و هه ندێکی تر دەلێن ١١ چین و هه شن دەڵین ١٨ چین لەژیریەکن ( ٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٢١) هه روەها دەڵێن ( قووڵیەکەی ٨٥ مەترەو جێگای ٢٠ تا ٣٦ تق ٥٠ هه زار کەسی تێدا دەبێتەوه هه روەها • ستوونی هه واگۆڕی ئەوتۆی تیدایەکە درێژیەکەی ٥٥ مەتره )(٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٢١) ژمارەی دەرگاکانی ( نزیکەی ٦٠٠دەرگایەو بەبەردی خۆشکراو له ژوورەوەڕا دادەخرێن و هه ردەرگایەک وەک بەردەئاش خۆشکراوەو پانی یەک مەترتامەترونێو ەوئەستوورای ٣٠سم تا ٥٠سم و گرانایی ٢٠٠ کگم ٥٠٠کگم دەبێت )•(٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٢١) بۆ هه وا گۆڕی •( ١٥٠٠٠ دەلاقەی هه واگۆڕی تێدایه .)( ئەی ) دێرینکۆیۆ له سەرقسەی ناشنال جوگرافیک له ئاست ١١ چین زیاتر بەژێر یەکەوەیه و فراوانی دەگاتە ٤ میل چوارگۆشه دەکاتە ٤/١٠ کم ) (٧-مدینه دیرینکویو-٢٠١٨/١٢/٢١)ئەو شارەی ژیر زەوی دێرینکۆیۆ (هه موو ژووره پیویستەکانی شاریکی تێدایه،تۆڕێکی ڕێرەوی فراوان وتونێلی سەرکەوتووبەرەو سەرەوه تا دەگاتە ژووری خێزان و شوێنی کۆبوونەوەی گشتی بۆ کاروبارو خودا پەرەستی ،هه روەها ئەو شاره پربوو له بیرو دوکەلکیش و هه ڵسوڕێنەری با ،له گەڵ دەلاقەی چرای ڕۆنی و کۆگاو ستێری ئاو، له هه مووان گرنگتربەردی خۆشکراووەک بەردەئاش، که دەرگاکانی له ژوورەوەڕا دادەخست و تەنیا له ژوورەوەش کاری پیدەکرا .) (٧-مدینه دیرینکویو-٢٠١٨/١٢/٢١) ئەو شارەی ژێرزەوی وا دروستکرابوو که ژیان تێیدا ئاسایی بیت و پر بوو( له ژووری تری و زەیتوون گوشین و تەویلەو بەرهه یوان وژووری گەنجینەو ناندین وشوێنی نوێژوکۆمەلگەیی هه یەو فراوانەو سەربه گومبەتەو دەگوترێ ئێره وەک هۆلی خوێندن بەکارهاتووه .) (٧-مدینه دیرینکویو-٢٠١٨/١٢/٢١) له چینی پینجەم •( که نیسەیەک هه یه زۆر وێنەی تێدا کیشراوه کەباسی چیرۆکەکانی ئینجیل دەکات ، ئەم که نیسەیه له سەردەمی ڕۆمانیەکاندا مەسیحیەکان هه ڵاتوون و خۆیان تێدا حەشارداوه )(٦-دیرینکویو مدینه-٢٠١٨/١٢/٢١) هه روەها میژوو ناسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن (که له نیو دێرینکۆیۆ دا تونیلی پەیوەندی هه یه له نێوان دێرینکۆیۆو شارەکانی تری ژێر زەوی ، ئەمه بۆ ئەوەی پیویست نەکات بێنەوه سەرزەوی ، بۆ ماویەکی دوورو دریژ )(٦-دیرینکویو مدینه-٢٠١٨/١٢/٢١)ئەگەر سەیری مانای دێرینکۆیۆ بکەین دەکاتە-(کونی قوول) هه روەها ئەم کونی قووله ڕیک دەکاتە جیهانی ژێرەوه ، دیسان لەکتێبی ئاوڕێک له زمانی سۆمەری هاتووه:(که وشەی سۆمێری کور ( کور- ) بەگەلێک مانا هاتووه ،وەک کێو،هه روەها پتر به مانای جیهانی ژێرەوه ( ئیرکاللا )ئیرکاللا هاتوه )(٤-ک- هه رشەمی شاسوار، ل١٨، ٢٠١٨) ئەگەر ئەم وشه یه به کیو دەگوترێ ، ئەوا مەبەست کیوەکانی زاگرۆسه ، کونی قووليش هه ر مەبەست ئەو کونانه بوون ، که له کیوەکانی زاگرۆس هه ن ، دیرینکۆیۆش کەو تووەتە بەردەوامی کێواکانی زاگرۆش و ئەم ناوش سۆمەریەو سۆمەریەکانیس له و کیوانه ژیاون و پەرت بوون و داستانی جیهانی ژیرەوەش هه ر له وکێوانه دروست بووه که کونی قوول و جیهانی ژێرەوەی هه ن و بەشێکی کۆن وگرنگی کلتوری سۆمەریەکانه .ئەمەش جارێکی تر ئەم داستانی سۆمەری – داستانی دەمموزی و ئینەننا- و- شاری ژیر زەمینی دیرینکۆیۆ-ی ژێر زوەی دەباتەوه کن یەک که ئامانجی ئەم لێکپلینەوەش هه رئەوەیه. . .

زەمەنی دروستکردنی شاری دیرینکۆیۆ :-

لە بارەی زەمەنی دروستکردنی شاری دێرینکۆیۆ ڕای لیک جیاواز هە یە ، هە ندێکیان پیان وایە زۆر کۆن نیەو هە شن بۆ- زەمەنی یەخبەندان -ی دەبەنەوە ( هە رچەندە تەمەنی دەگاتە هە زاران ساڵ . بەڵام ، بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەردروستکراوە و هە موو شتێکی تیدایە کە شار پێویستی پێیەتی .)(٦-دیرینکویو مدینە-٢٠١٨/١٢/٣١) لە بارەو چۆنیەتی دروستکردنی دیسان دەڵێن :(تا ئێستا ١٨چینی دۆزراوەتەوە ، لەوەدایە لە داهاتوو چینی زۆرتر بەدرەبکەوێ ،نەخشەسازی ئەوشارە بە پەرجووێکی سارستانیەتی دەزانن و دەڵێن ؛ کەمتر نیە لە نەخشەسازی ئەهرامەکانی شارستاینەتی فێرعەونێیەکان لە میسر .) (٦-دیرینکویو مدینە-٢٠١٨/١٢/٣١)ڕایەکی تر هە یە دەڵێ :(وای بۆ دەچن کە یەکەمجار لە نێوان سەدەی حەوتەم و سەدەی هە شتەمدا بە هۆی میللەتێک کە ناوی ( بەهریغیانس – phrygians)کە یەکێ لە میللەتانی هیندو ئۆروپییە ، هە روەها دەڵین لە سەردەمی ئەخمینی فارس فراوان کراوە )(٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٣١) ڕایەکی تر هە یە لای وایە (کە پەناگای ژیرزەمینی ییەما- جەمشید ە لە ڕۆژگاری یەخبەندانی بەستەلەکی دا ) (١١) دروستکراوە . ڕای واش هە یە کە دەڵی ئەم شارە قۆناخ بە قۆناخ دروستکراوە ( لە سەرچاوە زەردەشتیەکان و لە بەشی دووەمی ئاوێستا و لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی جەمشید دروستکراوە )vendidad (زۆرلە مێژوونووسان لەسەر ئەوباوەڕەن کە لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردان فراوان کراوە )( ) (٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٣١) ، هە روەها کەنالی مێژوویی ئەمریکی سەر بە ناشنال جوگرافی لە فلیمێکی بە لگەیی دا دەنووسێ :(( دێرینکۆیۆ شارێکی گەورەی ژێرزەویەوجێی ٣٠ هە زارکەسی تێدا دەبێتەوە و لە سەردەمی زەردەشتیەکان ١٢ هە زار ساڵ لەوە پێش بەدەستی کوردەکان دروستکراوە ) ،(١٢-دیرینکویو مدینە تحت-٢٠١٨/١٢/٣١) ،وەک دەبینین تائێستا زەمەنێکی جیگیر دانەندراوە ، بەڵام ، ئێمە سەرەتای دروستکردنی ئەم شارە بە زۆر کۆن دەبینین و دەیگێرینەوە بۆ زەمەنی – بەستەلەک – وەک یەکێ لە رایەکان باسی دەکات و ئەو زەمەنەش زۆرتر لە گەڵ چوونە خوارەوەی جیهانی ژێرەوەی داستانی دەمموزی دەگونجێ و بە هە موو تەخمینەکان لەگەڵ ١٢ هە زار ساڵەکەی ناشنال جوگرافی یەک دەگریتەوە و ئەویش بۆ زەمەنی یەخبەندانی دروستکردنی بە هە شتی ژێرزەمینی جەمشیدو جیهانی ژێرەوە دەگەنەوە یەک . کە چوونە خوارەوەکەی دەممو‌زیی و عەشتار باسی حەوت قۆناخ دەکات کە کە هە رقۆناخەو بەشێک لە خۆڕازاندنەوەو بەرگی لێ دادەکەنن و دواجار ڕووت دەبێتەوە .ئەوەش لە زۆر لە ئەفسانە سۆمەرییەکان باسی جیهانی ژێرەوەدەکری و کە زەمەنی ئەفسانەکانە ، زەمەنی پێش چوونە خوارەوەی سۆمەرییەکانە لە کوردستان ، کوردستانی وڵاتی ئەشکەوتی زۆرو شاری ژێرزەمینی زۆرە .چونکە دووبارەبوونەوەی ئەو جیهانی ژێرەوە بە زۆری و لە نێو داستان و ئەفسانە سۆمەرییەکان ، نیشانەی واقیعی و هە بوونی ئەم شوێنانەیە لە بەشە واقیعی و مێژووییەکەی داستان و ئەفسانە کان دا.هە روەها زەمەنی دروستکردنی لەسەردەمی یەخبەندان تەواو لە گەڵ لافاوی ساردی بەستەلەک ئاسای سەردەمی جەمشیدو بە هە شتی ژێرزەمینەکەی دەگونجێ .

هونەرو زانستی دروستکردنی شاری دێرینکۆیۆ هونەرو زانستێکی زۆر پیشکەوتووە ، زاناکان دەیبەنە ئاستێک (کە کەمتر نیە لە نەخشەسازیی ئەهرامەکانی شارستانیەتی فیرعەونیەکان لە میسر .)(٦-دیرینکویو مدینە-٢٠١٨/١٢/٣١) هە ر بە هۆی ئەم ئاڵۆزیی و پیشکەوتنەی نەخشەسازییەکەی.

(زۆر کەس ڕایان وایە ئەم شارە دێو دروستی کردووە ، بەهۆی نەخشەسازییەکەی ناکرێ دەسکاری مرۆڤ بێت !هە ربۆ یە بە ناوی شاری جنۆکان ناو دەبردرێ !)(٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٣١) ئەم شار نەخشە ئاڵۆزو گرنگە ناکری لە زەمەنیکی کەم دا تەواو بووبێت ، واپێدەچێت قۆناخ بە قۆناخ دروستکرابێ . ئەگەر ئێمە گەورەیی و ئەستەمیی کارکردن و کەمی ئامێری کارکردنی پیشکەوتوو لە و سەردەمە ڕەچاو بکەین ، چاکتر ئەو ڕایەقبوڵ دەکەین کە دەڵی: قۆناخ بە قۆناخ دروستکراوە . هۆی درووستکردنەکەشی ئەگەر سەرنجی ناوچە کە بدەین و زەمەنی یەخبەندان بێنینەوە بەرچاو ئەوە بێ شک بۆ هۆی ساردیی دەگەڕێینەوە ! ئەگەر سەرنجی ژیانی ( جەمشید)یش بدەین ئەوا دیسان هۆیە ئاینییەکە باس لە داهاتنی زەمەنێکی سارد ی ئەوتۆ دەکات کە مرۆڤەکانی سەرزەوی لە نێو دەبات و( ئاهورا مەزدا) دەردەکەوێت و خۆ بە جەمشید نیشان دەداو ئامۆژگاری دەکات و دەڵێ - پەناگاهێکی ژێر زەمینی- دروست بکە جونکە ( خراپترین زستان باڵ بە سەر جیهان دا دەکیشێ، کە زستانیکی مەرگ هێنەرە ، ئەو خرابترین زستانە کە باڵ بە سەر جیهاندا دەکێشی پڕ بە فرە ، بە فر بە بەرزایی کێوەکان ..)(٦-ف-پناگاه زیر زمینی ییما-٢٠١٩/٤/٦) ئەوا دیسان هۆیەکەی ساردییەکی زۆرو درێژخایەن و بە فرێکی ئەستوورە ، کە مرۆڤ ناچارە پەنا بۆ ژێر زەمین ببات ، چۆن ژێر زەمین گەرمترەو باشتر مرۆڤ دەپاریزێ . لە لایەکی تروەو ئەگەر سەرنجی گۆرانکارییی و پیشکەوتنی ژیانی مرۆڤ بدەین دەبینین لە دارستانەوە چووەتە نێو ئەشکەتی حازرو بەردەست و دواجار دەسکاری ئەشکەوتی کردووەو وەک دەر دەکەوێ ، بۆ خۆشی ژێر زەوی و ناو شاخی کۆڵیوەو بە پێی پیویستی خۆی و گۆرانکاریەکانی ژیان هونەری تێدا نواندووەو ماڵ و گوندو شاری بۆخۆی لە ژێر زەوی دروستکردووە ، بەتایبەت لە ناوچە شاخاوی و ساردەکان ، کۆردستانیش ئەو وڵاتە ساردو شاخاویەیەو ئەوەتا سەدان ئەشکەوت و پەناگای ژێر زەمینی لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ دەردەکەون و ئەو ڕایە دەسەلمێنن . ئەوش لە بیرناکەین کە هۆی شەڕو کوشتن و داگیرکردنیش هۆ یەکی بەرچاو بووبن بۆ دروستکردنی ئەم ئاوەدانیانەی ژێر زەوی و مرۆڤ بۆ خۆپاراستن لە کوشتن پەنای بۆ بردبیت.

هاوزەمەنی ڕووداوەکان ؛

لەم توێژینەوە دا ڕووداوێکی جوگرافی ئەفسانەییمان هە یە ، ئەویش درووستکردنی شاری دێرینکۆیۆی ژێرزەمینیە ، هە روەها دوو ڕووداوی مێژووی ئەفسانەییشمان هە یە ،کە داستانی (دەمموزیی) و سەردەمی( جەمشید )شاهی ئەفسانەییە .ئەگەر بەوەردی سەرنج بدەین لێکۆڵەران زمەنی هە رسێکیان دەبنە نەوە یەک زەمەن ، ئەویش دوازدە هە زار ساڵ پێش زایینە! سۆمەرناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە داستانی دەمموزی لە زەمەنی کشتوکالی ئەشکەوت سەری هە لداوە ، کە زەمەنەکەی بۆ دوازدە تا پازدە هە زار ساڵ پێش زایین دەگەڕێنەوە ، دیسان لە باسی سەردەمی جەمشید شاهی ئەفسانەیی ، کە – وەر – بە هە شتی ژێر زەمین درووست دەکات ، بە زەمەنی بەستەلەکی ناو دەبەن ،ڕایەکی تر هە یەلای وایە(کە پەناگای ژێر زەمینی ییەما- دێرینکۆیۆ- جەمشید لە ڕۆژگاری یەخبەندانی بەستە لەکی دا) (١١)درووستکراوە . هە روەها کەنالی مێژوویی ئەمریکی سەربە - ناشنال جوگرافیک – لە فلیمێکی بەڵگەیی دادەنووسێ ؛(دێرینکۆیۆ شارێکی گەورەی ژێرزەمینی زەردەشتیەکانە ١٢ هە زار ساڵ لە وە پێش بەدەستی کوردەکان دروستکراوە )،(دێینکویو مدینە تحت -٢٠١٨/١٢/٣١) دواجار دەگەینە ئەوەی کە بەڕای پسپۆران و لێکۆڵەران ، هە رسێ ڕووداو لە گەڵ یەک هاوزەمەنن.

لێکچوونی شوێنەوارو مێژوو :

زەینەفۆن لە گێڕانەوەی مێژوویی بینینی ئەو شوێنانەی کە لە ڕێگای گەڕانەوە لە کوردستان بینیویەتی و باسیان دەکات لە گەڵ ئەم شوێنەوارەی – شاری دێرینکۆیۆ – زۆر وەک یەکن . کەباسی خانووەکانی ژێر زەویەکە دەکات لەوەی کە :- خانووەکانی ئێرە دوجار دەگەینە ئەوەی لە بن زەوی دروستکرابوون دەرگاکان وەکوبیروابوون بەڵام ، لەخوارێ فراوان دەبوونەوە ، تۆنیل بۆئاژەڵەکان لی درابوو ، کەچی خەلکەکان بە پەیژە دەچوونە خوارێ ،لە نیوماڵە کانیشدا مەڕوبزنومانگا هە موو بە بە چکەوە لەوی بوون،گەنم وجۆوشەڕابی جۆلە نیو کووپە دانرابوون کووپەکان پڕکرابوون و لییان دەڕژا ، قەمیشیان تێراکرابوون،کەسێک تێنووی بایەقەمیشی لە شەڕابەکە ڕادەکرد وهە لی دەلووشت ، شەڕابەکە توندبوو، دەبووایە ئاوی تێکەڵ بکرێت .پیاوکە لێی ڕاهاتبا پێی دڵخۆش دەبوو .) (٢-ک-محمد،مەسعود،ل ١٣٦،٢٠١٢) - ئەم باسکردنە هە مان پێکهاتەی دێرینکۆیۆیە کە توێژەرانی ئێستا باسی دەکەن .چۆن ئەم خانووانەی ژێر زەوی هە مان شاری دێرینکۆیۆی ژێر زەویە !لە جۆری خانوو کۆگاو هۆری مەڕو ماڵات و شوێنی هە ڵگرتنی زخیرەو دروستکردنی شەرابی ترێ و جۆو جۆری هە ڵگرتنەکەی ، وەک ئەوە وایە زەینەفۆن بە ئاوەدانی و لە سالی ٤٠١پ.ز چووبێتە ناوئەو شارەی ژیر زەمینی دیرینکۆیۆیەی کە ئێستا بووە بە شوێنەوار.

هە روەها کە باسی ئەوە دەکات لە دوورەوەو لە نیو پاوان و پوشوگیا خەلکێکی زۆرو مەڕوماڵاتێکی زۆر دەبینن و دواجار لە ترسی لەشکری دەهە زار کەسی زەینەفۆن لە پر بزردەبن و نازانرێ بۆکێ جووینە ! ئەوا گومان بۆ ئەوە دەچێ چووەنەتە نێو شارێ دێرینکۆیۆی گەورەو فراوان و زۆر دەرگا .. کە هە ر لە و نزیکەبووە کە خەلکەکە مەڕوماڵاتیان تێدا لەوەڕاندووە ، هە ر بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا خۆیان و مەڕوماڵاتیان لە بەر چاو بزر دەبن و زەینەفۆن و لە شکرەکەی سەرسام دەکەن لەوی نازانن چیان بە سەرهاتووە !. ئەوە بۆمان دەسەڵمێنێ کە شاری دێرینکۆیۆو شارەکانی هاو چەشنی ئەو ئەودەم ئاوەدان بوونەو هێشتا خەلک تێیدا ژیاون .هە ر بۆیە چێرۆک و ڕووداوی نێو ئەو شارانە هاتوونەتە نێو دەقە مێژوویی و ئەفسانە و فۆلکلۆرەوەو توێژەر دەتوانێ شوێنە ڕووداوەکان و پەیوەندیە جۆراو جۆرەکان بدۆزێتەوەوئێستاو ڕابردوو بە یەکەوە ببەستێتەوەوسەرەداوی زۆر نهێنی ژیانیان دەربخات و لە بیرو بۆچوون و ئایین و جۆری ژیان و کەرەستەی ئەو سەردەمانە شارەزابێت و ڕاددەی پێشکەوتن و ئاستی ژیانیان بزانێت .

هە رەوها ئەو– وەر و بەهە شتی ژێرزەمینی و پەناگای ژیان –ەی جەمشید باسی دەکات ، بۆ ئەوەی – ژیان – لە مردن – و لە نێو چوون ڕزگار بکات ، تۆی ژیان بە هە موو چەشنە کانیەوە ، لە گیاو دارو درەخت و زیندەوەرو مەڕومالات و خواردن و خواردنەوە لە دەست بەفری زۆرو ئەستوورو سەرمای درێژخایەن بپارێزی ، ئەوا بێ شک ئەو جیگایە ، یان دێریکۆیۆیە..یا ئەوەتە شارێکی وەک ئەوە ! کە هە ر یەکیکیان بێت هە ر یەکەو ئاوەدانی ژێر زەمینییە ، کە ڕووداوەکانیش هە ر لەم ناوچەیە ڕوویانداوە ، ئەوا جارێکی تر بەلگەی ئەو شوێنە بەهێزتر دەبێت و ڕووداوەکان دەگەنەوە یەک شوێن، ئەگەر زەمەنەکەشیان جیا بیت .لە کتێبی عێراقولوجی دا هاتووە(لە کتێبی ئاوێستا کە پیرۆزە لای زەردەشتیەکان،پیاوێح هە ڵدەکەوێ و حەکیمە بە ناوی (میا=ییما)لە ئاهورا مەزدا نزیکەو لە سەردەمی ئەودا سێ جار زەوی فراوان دەبێت ،خەلکەکە زۆرو ئاهورا بریاری لە نێوبردنیان دەدات ، بر هۆی باران و سەرماوە ، ئامۆژگاری

میای کرد هۆڵێکی گەورە دروست بکات و بە جوانی سەری بگرێ ولە هە ر گیانلە بەرێک جووتێکی و تۆی هە موو گژو گیاو دارو درەختەکانی تێباوێ ، سەرما دەستی پیکرد ئاوبەستای پاشان وەستاو میا ڕزگاری بوو لە گەل هە موو گیانلە بەرو گژوگیاکە )(ا-ع- الماجدی ،ل٤١٣، ٢٠١٧).

میهرداد بەهار دەنووسێ: (جەم یان بە گێرانەوەیەکی تر، منو (مونو- )یەکەمین مرۆڤی خوداوەند بووە ...جەمشید دیسان (وەر) یان کۆشکی سەرکێوی هە را (هە را- ) ی لە ئەلبورزدا هە یە ،جێگایەک کە لەوێ نە شەو هە یەو نە تاریکی و نەسەرماو نەگەرما،نە نەخۆشی و نە مردن ) (ا-ف- بەهار،میهرداد، ل٢٣٦،١٣١٨) ئەو جێگایەش هە مان ئەو جێگەیەیە(مورتەزاتوماهی):دەنووسێ : (وەرجەمکەرد لە ئیرانویچ لە ژیر زەوی دروستکراوە) .

دیسان لە دابەزینی – عەشتاری خوداوەند – و هاو چەشنەکانی بۆ – جیهانی ژێرەوە - و لە داستانە سۆمەری ئەکەدی و بابلیەکان دا، هە مان دابە زینە بۆحەوت چینە لە ژێر یەکەکانی شاری – دێرینکۆیۆی ژێرزەمینی - کە بە پێی یاسای ئەم – شار – وڵات – ی ژێر زەمینە دابەزیوو پێویستە لە هە ردەرگایەک پارچەیەک لە بەرگ و پۆشاکەکەی داکەنێ و دوجار ڕووت بێتەوە !ئەگەر ئەم داب و نەریتی ڕووتبوونەوە هە ر هۆیەکی ئایینی و یاسایی نێو ئەم شارەی هە بوو بێت ! ئەوا بی شک هۆیەکی تەندورستیشی هە بووە . چۆن کۆ بوونەوی خەلکیکی زۆرو بە مەڕو مالات و هە موو کەرەستەو پێویستیەکانی ژیان و مانەوە بۆ کاتیکی زۆر ، هە وای نێو شارەکە لەگەل ئەم هە موو هەوا گۆڕە زۆرەش کە درووستکرابوون ، بەڵام ، بە هۆی ئاوەدانی و زۆری مرۆڤ و مەڕومالات و هە ناسەدانە ئۆکسجین لە کەمی دەدات و لەم ماوە درێژەو لە ژێر ئەم زستانە بەردەوامە هە وا بە پیی پێویست نابێت و ئەوەتا لە داستانی دەمموزدا کە باسی کەسەکان دەکات ، بە لاوازو ڕەنگ زەرد ناویان دێنێ و باسیان دەکات .کە ئەمەش سروشتیە لە ئەنجامی مانەویەکی زۆرو خەلکێکی زۆرو لەژێر زەوی و نەبوونی تیشکی هە تاو خەلکەکە لەش و لاوازو ڕەنگ و ڕوویان دەگۆڕێ و نەخۆش و ڕەنگ زەرد دێنە بەرچاو.

دابەزینی - عەشتار- بۆ- جیهانی ژێرەوەو – بن دونیایێ–

بڕوا بوون بە جیهانی ژێرەوە ، لە سەردەمی سۆمەری و دواتریش بڕوایەکی ئاینی کۆمەڵایەتی واقیعی بەرچاوی ڕۆژانەبووە . کە هە ر ئەم دابەزین و هاتنەوەیە لە گەڵ هە موو واقیعیەکەی پەیوەست بوو بە باوەڕی ئاییینی سۆمەرییەکان و ئەوەش کە دادەبەزینە خوارەوە زۆرترو دیارترینیان خوداوەندەکان بوون .بۆنموونە .. ئینەننا – عەشتار – دەمموزی – دەچنە خوارەوەو بە نێو ئەم پڕۆسەیەدا ڕەت دەبن کە هە ر لە دەرگای یەکەمی – ئیرکالا- وە تادەرگای حەوتەمی جیهانی ژێرەوەو کە لە ژێر دەسەڵاتی - ئەریشکیگال – ی خوشکی ئینەننا دایە. پرۆسەی دابەزین دا دابەزیو هە ر لە دەرگای یەکەمەوە ، بەم شێوەیە پێ بە پێ ڕووت دەکرێتەوە:

دەرگای یەکەم:تاجی سەری دادەگیرێ .

دەرگای دووەم :گوارەی لە گوێ دەکرێتەوەو.

دەرگای سێیەم :خەناوکەی ملی دەدەکەندرێ.

دەرگای چوارەم :زیری سەرسنگی دادەکەندرێ.

دەرگای پینجەم : کەمەر بەندی لێدەکەنەوە.

دەرگای شەشەم :بازنی دەست و خلخالی پێی دادەکەنن.

دەرگای حەوتەم : ئەوجارۆگەی لە بەردادەکەنن کە جەستەی دادەپۆشێ.  (٤-اسرار عشتار٢٠١٩/١/١٤)

لەنێو داستانە سۆمەرییەکان داستانی (عەشتارو تەموز ) لەتەک داستانی (گلگامش) بڵاوترینیانن، دیسان عەشتار ئامەدەترو بەردەوام ترە ، (عەشتار دەکاتە ئینەننا،ئینەننا کچی خوداوەند – سین – ی خوداوەندی مانگە، دایکی خوداوەند نەنکالە ،ئۆتۆی-ی  براکەی خوداوەندی ڕۆژە .)(٢-عشتار الهە-٢٠١٩/٢/٢٥) .ئێشتار : ژنە خواوەندی خۆشەویستی و جەنگ، ناوە سۆمێریەکەی ئێستار بریتیە لە ئینانە، لە دەقە بنە ڕەتیەکەدا، لە جیاتی ناوی ئیشتار نووسراوە ) . ( ٣-ک-هە رشەمی، شاسوار، ل٢٠١٧،٣٥) پەرستنی عەشتاری خوداوەند بڵاوبوو، هە تا لە چەرخی کۆن لە سۆمەرەوە بۆ ئەکەدی و بابیلی وئاشووریەکان ، پاش نە مانی ئاشووریەکانیش هێشتا هە ر ناوی زیندووبوو ، جاری یەکەمیش پێش شەش هە زار ساڵ عەشتار لە سۆمەر دەرکەوتووە ، سەرەتاکەی دە گەڕێتەوە بۆ – ئینەننا –ی زەمەنی -کشتو کالی ئەشکەوت – هە ر بۆ یە دەبینین – ئینەننا- لە نێوان شوان و جوتیار زیاتر مەیلی بە لای جوتیارە ، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو سەردەمە ، سەردەمی سەر هە ڵدانی تازەی کشتو کال و( جوتیار)و مەڕداری و( شوان) ە ، ئەو دوو پێشەیە ڕەواج و ناوو ناوبانگ و بەرهە میان هە یە ، ئەوش سەرەتا لە ( گوند)ەوە بووە . هە ر بۆ یە – ئینەننا لە نیوان ئەم دووانە جوتیار هە ڵدەبژێری و دەڵێ :( ئەوەی دڵی منی بردووە جوتیارە ، ئەو جوتیارەی زەوی دەکێڵی .جوتیار ، ئەو پیاوی دڵی منە .)(٢- ع- الماجدی .دکتور خزعل ،ل٢٠١٨،٣٣٩)

ئینەنناو هە ڵبژاردنی خۆشەویست:

لە دەقێکی گرنگ و پڕ لە گفتوگۆدا ئۆتۆی خوداوەندی ڕۆژ قسە لە گەڵ ئینەننای خوشکی دەکات و سەرەتا باسی ئامادەکردنی بارگەی بوکێ دەکەن ، ئینەننا دەپرسێ کێ ئەمانەم بۆ ئامادە دەکات؟ ئۆتۆی برای دەڵێ من هە موویت بۆ دەکەم:.

برا قسە بۆ خوشکە گەنجەکەی دەکات

خوداوەندی ڕۆژ ئۆتۆ قسە بۆ ئینەننا دەکات(٢-ع- الماجدی،-٢٠١٨،٣٣٥)

پاش ئەوەی ئۆتۆی خوداوەند هە موو شتێک بەدڵی ئینەننا ئامادە دەکات و بارگەی بوکێ تەواو دەبیت ، ئینەننا ڕوو لە ئۆتۆی برای دەکات و دەڵێ:

جی و بالینگانی بوکێت بۆ هێنام

ئەوە کێیە لە نیو ئەو نوێنەدا لەگەڵم دەنوێ؟

ئەوە کێیە لە نێو ئەو نوێنەدا لە گەڵم دەنوێ؟

ئای خوشکەکەم ؛

ئەو زاوایەی لە نێو ئەم نوینەدا لە گەڵت دەنوێ

ئەو کەسەیە لە پزدانی پیتەوە دەرچووە،

ئەو کە سە لەگەڵت دەنوێ ئەو تۆیەی پاشای لیکەوتەوە ،

ئەو کەسەی هاوسەرگیری پیرۆزی داهێنا،

هە ر ئەوە لە نیو ئەو نوێنەدا لەگەڵت دەنوێ ،

دەمموزی ؛

ئەوە لە گەڵت دەچێتە نێو نوێنێ .( -٢ع-الماجدی ،ل٢٠١٨،٣٣٨)

ئەوە دەموزی شوانە کە هە ڵبژاردەی ئۆتۆی برایەتی بۆ ئەوەی ببێتە زاوای ئینەننای بوک ؛ بەڵام وەک دەردەکەوێ ، بوک دڵێ لە لای کەسێکی ترە!

ئینەننا هاتە قسە:

نا..براکەم ،

ئەو پیاوەی خاوەنی دڵی منە ، ئەو کەسەیە زەوی دەکێڵێ ،

جوتیار؛

ئەو پیاوی بەردڵی منە ،

ئەوە کە دانەویلە لە ڕەوسەی بەرزدا کۆدەکاتەوە،

ئەوە کە بەڕێکی دانەوە وێلە دێنێتە عەمباری ماڵەکەم،(٢-ع-الماجدی، ٣٣٩-٣٣٨ ،٢٠١٨)

لێرەدا ئۆتۆ بە پیچەوانەی ئینەننا داوای لێدەکات شو بە دەموزی شوان بکات و دەڵێ؛

خوشکەکەم ،

شو بە شوان بکە،

بۆچی ئەتۆ ڕازی نیت..؟

سەر توێژەکەی بەتامە..

شیرەکەی باشە..

هە ر شتێکی ئەو شوانە دەستی بداتی ، دەبریقیتەوە!..

ئینەننا ،

میرد بە دەموزی بکە..

تۆ کە بە بەردی پیرۆز خۆ دەڕازێنیەوە ،

بۆچی ڕەتی دەکەیتەوە ..؟

ئینەننا دەڵێ:

شوان!..

شو بە شوان ناکەم..

جل و بەرگی زبرە..

خوریەکەی خراپە..

من شو بە جوتیار دەکەم..

ئەو جوتیارەی کەتان بۆ جلەکانم بەرهە م دێنێ..

ئەو جوتیارەی جۆ بۆ خواردنم بەرهە م دێنێ ..( ٢-ع-الماجدی، ل٣٤،٢٠١٨)

ئەمجارە دەموزی خۆی دیتە قسەو بەرهە می خۆی و جوتیار بەرابەردەکات و خۆی و بەرهە مەکەی لە جوتیارو بەرهە مە کەی چاکتر دەخاتە بەرچاوودەڵێ:

ئەو جوتیارە چی لە من زیاترە ..؟

ئەوە چی لە من زیاترە ئەو جوتیارە ..؟

بۆچی باسی ئەو دەکەی..

چی لەمن زیاتر هە یە ..؟

ئەگەر ئاردی ڕەشت دەداتێ..

خوریەکی ڕەشت دەدەمێ..

ئەگەر ئاردی سپیت دەداتێ..

من خوری سپیت دەدەمێ..

ئەگەر شەرابی باشت بۆ تێبکا..

ئەوە شێرەکی سپی و بەتامت دەدمێ..

ئەگەر نانت دەداتێ..

پەنیرێکی هە نگوینی زۆر نەرمت پێدەدەم..

ئەوە بۆچی باسی جوتیار دەکەی ..؟( ٢-ع-الماجدی ،ل٢٠١٨،٣٤١)

لە گەرمەی ئەم گفتوگۆیە دەموزی شوان بە خۆ بە سەرتویژو شیرەوە دەچیتە بەردەرگاو داوا لە ئینەنا دەکات دەرگای بەڕوودا بکاتەوە ، ئینەننا پەنا بۆ خانمی دایەنی – نەننجال – دەبات و پرسی پیدەکاو نە نجال دەلی:

زوبە کچۆلە،

-دەرگای-ماڵی خۆتی بۆ بکەوە..

ئینەننا بە قسەی نەنجالی دایەنی دەکات و خۆی دەشواو جل و بەرگی شاهانە لە بەردەکات و بە خەناوکەو ئەنگوستیلە خۆی دەرازینیتەوەو لە پر دەموزی دەرگا دەکاتەوە و باوش بە یەکدا دەکەن و قسە دەگاتە ئەوەی ، ئینەننا دەڵی : دامەنم وەک زەوی هە ڵپەنمایە، ئەو کێیە ئەو زویە دەکێڵێ ؟دەموزی دەڵێ ؛

ئەی خانمی مەزن ،

پاشا دامەنی تۆ دەکێڵێ..

من ،

دەموزی پاشا ،

ئەوەی دامەنت بۆ دەکیڵێ..(٣٤٦)

ئینەنناش دەڵێ:

کەواتە دامەنم بکێلە،

ئەی پیاوی دڵی خۆم،

دامەنم بۆ بکێڵە..(٣-ع-الماجدی،٢٠١٨،٣٤٦)

بەم جۆرە ئینەنناو دەموزی دەبن بە ژن و مێردو دڵ و ماڵ و وڵاتیان پڕ دەبیت لە خۆشی و بەرەکەت . ئەو خۆشیە هە رچۆنی بێت و هە رچەند ، دواجار کۆتایی دیت و دەگۆڕێ ؛(دەموزی ئینەننا- عەشتار – ی خواوەندی خواست ، بەڵام ؛ ئەم ژنخواستنە دەبێت هۆی فەوتانی لە دۆزەخ !کاتێ دابە زییە جیهانی ژیرەوە بۆ ئەوەی دەسەڵات لە ئەرشیکیگالی خوشکی وەرگرێتەوە ، بەڵام سەرناکەوێتەوە ! بۆ ئەوەی بتوانێ لە جیهانی ژیرەوە ڕزگاری بێت دەبێ کەسیک لە جێگای خۆی بنێرێتەوە جیهانی ژیرەوە .ئەوەی بۆ ئەم کارەی هە ڵبژارد دەموزی هە ژار بوو.

( ٥-النص البابلی-٢٠١٩/١/١٤)

ئینە ننا بەڕقێکی زۆرو بە شێوەیەکی زۆر دڵڕەقانە و بە کۆمەڵێک شەیتانە دیو دەموزی ڕەوانەی خورەوە دەکەن .( ئەو جێیەی سۆمەریەکان پێی دەڵێن ؛ کور .ئەو جێگا بەتاڵەی دەکەوێتە نێوان زەوی و- دەریای یەکەم –کە هە موو تارماییەکانی مردووانی دەچنێ ،لە کاتیکدا دەبوو – کور –یان جیهانی ژێرەوە تەنیا بۆ مرۆڤە مردووەکان بێت ،بەڵام ، ئەوە دەبینین لە ئەفسانە سۆمەرییەکان خوداوەندەکان دەچنە خوارەوە ، دەموزی خوداوەندی گیاو ڕووەک و مەڕو مالات و عەشتار خوداوەندی خۆشەویستی و جەنگ ، کە توانی دەموزی خوداوەند بنێریتە جیهانی ژێرەوەو .) (١-الباحپون-٢٠١٨/١٢/١٩) باسکردنی ئەم پەیوەندیەی نێوان دەموزی و ئینەننا- عەشتار بۆ ئەوە بوو کە قۆناخە کانی چوونەخوارەوە ببێنین و بزانین دەستووری چوونە خوارەوەکە چۆنە !بۆ چوونە خوارەوە زیاتر لە کەسیک و دەقیک هە یە ، بەڵام ؛ بۆ ئێمە جوانترین دەق چوونە خواەوەی ئینەننا خۆیەتی ، کە زۆر لە گەڵ مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دەگونجێ.

ئینەننا بۆ یارمەتی و ڕزگاربوون لەم چوونە خوارەویەو سزاکەی ڕوو لە زۆر خوداوەند دەکات کە یارمەتی بدەن ، بێ هیوادەبیت و بە ناچاری وەسیەت دەکات پاش چوونە خوارەوە چی بۆ بکەن و چۆن تازیەی بۆ دابنێن و شینی بۆ بگێرن ،ئەوەش بە- نینشابور- دەڵێ و داوای لێدەکات قسەکانی لە بیر نەکات . پاش ئەوەی ئینەننا شاهانە و بوکانە خۆی دەڕازێنێتەوە ، بەڵام بە دڵێکی تەنگ و خەمبارەوە ڕوو دەکاتە دەرگای جیهانی ژێرەوە.

•ئەودەم بانگی کرد وەرە ئەی -ناتالی –ئەی گەورە پاسەوانی دەرگاکانی - کور-

گوێ لە قسەکانم بگرە،

حەوت دەرگای جیهانی ژێرەوەو بکەرەوە،

لیگەڕێ با ئینەننا بچێتە ژوورەوە،

کاتێ دەچێتە ژوورەوە جلی شاهانەی لەبەر داکەنە ،

وەبکە خوداوەندی پیرۆزی ئاسمان بە داهاتنەوەو سەردانەواندن بچیتە ژوورەوە ،

ناتی گەورە پاسەوانی دەرگاکانی – کور – بەوردی گوێی لە فرمانەکانی ساژنەکەی گرت ،

ڕێسمەی دەرگاکانی جیهانی ژێرەوەی لادا ،

ئەوسا بە کچە گەنجەکەی گوت – ئینەننا – بچۆژوورەوە ،

کە لە دەرگای یەکەم بە ژوور کەوت ،

ئەلسوجارای تاجی دەشتە سەوزەکەی لەسەر داکەندرا ،

ئینەننا پرسی ؛ ئەمە چیە ؟

وەڵامی پێگەیشت:

بێ دەنگ  ئینەننا ،ڕێگاکانی جیهانی ژێرەوەو سنووردارن ،

پێویست بە پرسیار ناکات.

کاتێ لە دەرگای دووەم چووە ژوورەوە ،دەنکە وردەکانی لاجوەردی لە گەردن کرایەوە،

ئینەننا پرسی:ئەمە چێە ؟

وەڵامی درایەوە:

بێ دەنگیی ئینەننا ،ڕێگاکان بۆ جیهانی ژێرەوە سنوور دارن ،

پێویست بە پرسیار ناکات،

کاتێ لە دەرگای سێیەم چووە ژوورەوە ،دوو بەردەکەی لە سینە کرایەوە ،

ئینەننا پرسیی،

ئەمە چیە ؟

وەڵامئ درایەوە:

بێ دنگیی ئینەننا ،ڕێگاکان بۆ جیهانی ژێرەوەو سنووردارن،

پێویست بە پرسیار ناکات.

کاتێ لە دەرگای چوارەم چووە ژوورەوە ،ئەو پارچەیەی لە سنگی کرایەوە کە سینەبەندبوو،

ئەو پیاوەی پیویستە بابێت ،

ئینەننا پرسیی:

ئەمە چیە ؟

وەڵامی درایەوە:

بێ دەنگیی ئینەننا ،ڕیگاکان بۆ جیهانی ژێرەوەو سنووردارن ،

پێویست بە پرسیار ناکات.

کاتێ لە دەرگای پێنجەم چووە ژوورەوە ، ئەو بازنە زێڕەی لێکرایەوە کە بە زەنگەیەوە بەندبوو،

ئینەننا پرسیی:

ئەمە چیە ؟

وەڵام درایەوە:

بێ دەنگیی ئینەننا،ڕێگاکان بۆ جیهانی ژێرەوە سنووردارن ،

پێویست بە پرسیار ناکات.

کاتێ لە دەرگای شەشەم چووە ژوورەوە ،سەولەجانی پیوانەو سیمی بەردی لاجوەردی لێکرایەوە ،

ئینەننا پرسیی:

ئەمە چیە ؟

وەڵام درایەوە:

بێ دەنگیی ئینەننا ، ڕێگاکان بۆ جیهانی ژێرەوە سنووردارن ،

پێویست بە پرسیار ناکات .

کاتێ لە دەرگای حەوتەم چووە ژوورەوە ،کەوای پاشایەتی لە بەرکرایەوە ،

ئینەننا پرسیی:

ئەمە چیە ؟

وەڵام درایەوە:

بێ دەنگیی ئینەننا ،ڕیگاکان بەرەو جیهانی ژێرەوە سنووردارن ،

پێویست بە پرسیارناکات.

ڕووت و سەر داچەماوە ،

ئینەننا چووە هۆڵی پاشایەتی ،

ئەرشیکیگال لە سەر تەختی پاشایەتی وەک گوڵ دەرکەوت ،

ئینەننا لە تەختی پاشایەتی چووە پێش ،

ئانونەکان- قازیەکانی جیهانی ژێرەوە ، فەرمانی حوکمکردنەکەیان بەسەردا خوێندەوە ،

حوکمەکەی بەسەردا گوترا ،

هاوارێکی توڕەیی لێ هە ڵسا ،

کاتێ ئەرشیکیگال بە  چاوی مردنێی لێروانی ،بە توڕەییەوە دژی دوا ،

دەستی بە تاوانبارکردن و دژایەتی کرد ،

لێی دا ،

خراپی پیکرد ،

کردی بە لاشەیەکی مردوو،

 بە پەتێک بە دیوارەوە هە ڵیواسی،

پاش سێ شەوو سێ رۆژ

ئینەننا نە گەڕایەوە ،)(٢-ع-الماجدی ،ل٣٦٧-٢٠١٨،٣٧١)

ئەوەی بۆ ئێمە لیرە گرنگه ، دەرکەوتنی – حەوت دەرگا –  یەک بەدوای یەک بۆ چوونە جیهانی ژێرەوە ، چونکە لەم توێژینەوەدا دەمانەوێ ئەوە بسەلمێنیم کە – دەکرێ – ئەم جیهانی ژێرەوەی داستانی – ئینەنناو دەموزی شوێنە ڕاستیەکەی – شاری دێرینکۆیۆ-ی کوردستان بێت ، چونکە ئەم شارە لە حەوت چێنی بەژێر یەکەوەی زیاتر هە یە ، هە ندێک دەڵێن: (هە شت چێنە بە ژێر یەکەوە ! هە شن دەڵێن : یازدە چێنن.)(٨-شیار جمو-٢٠١٨/١٢/٢١ )لێرە ئەوەی پێویستە حەوت چێن و حەوت دەرگا هە یە، دیار بۆ دابەزین لە هە ر چێنێکەوە بۆ چێنێکی تر دەبێ لەدەرگاوە بێت . وەک جیهانیکی خاوەن دەستوور ، سزا دراو لە هە ردەرگایەک بەشێک لە بەرگ و پۆشاکەکەی لە بەر دادەکەنن .

***

جە مشید  شاهی ئەفسانەیی!

جەمشید چ کەسێکە؟

جەمشید کوڕێ (تەهمورپ  چونکە ڕووی وەک ڕۆژ دەگەشایەوە بە مانای گەشانەوە ناسراوبوو ، وەکو دەسەڵاتدارانی پێشەخۆی - پێشدادیەکان - خاوەنی – فەڕی ئیزەدی – بوو و پشتیوانی-  ئاهورا مەزدا -ی هە بوو (٥-ف-داستان جمشید-٢٠١٨/١٢/٣٠)جەمشید گەورەترین و یەکەمین پاشای ئەفسانەیی ئێرانی کۆنە ، کە ناوو ناوبانگێکی زۆری هە یە وسەرچاوە کان باس لەوە دەکەن ، کە یەکەمینجار بە جەمشید گوتراوە – پاشا- !(جەمشید یەکێکە لە پاشا ئێرانیەکان کە تەواوی ژیانی تێکەڵ ئەفسانە کراوە ).٠(٢-ف-جمشید کیست-٢٠١٨/٣/١١) هە روەها زۆرکاری گەورەو کە یەکە مجار لە مێژوودا کرابێ .. دراوەتە پال ئەو .وەک دەگوترێ:کە( هە رئەو پاشایەبوو جوڵەیی و دوورمان وبیناسازیی وپزیشکی وپێشەسازی داهێنا )(٢-ف-جمشید کیست-٢٠١٨/١١/٣) ( کۆنترین سەر چاوە یەک کە باسی- جەمشید- ی کردبێ ئاوێستایە .)(١-ف-جمشید•ایرانیوم-٢٠١٨/١٢/٢٢)لە بارەی ناوە کەیەوە دەلێن:(لە یەکێ لە دەقە هیندیەکان(ویشنویورانە،ل٢١٥بە  ڕۆژ= خورشید ناوبراوە )(١-ف-جمشیە،ایرانیوم-٢٠١٨/١٢/٢٢) هە روەها ناوەکەی بە زۆر شێوە نووسراوە :(جەم ،جەمساد،جەمشاسب،جەم ئەلشیز ،هە روەها بە جەمشاە و جەمشازبەکار هاتوووە(٥-ف-داستان جمشئد-٢٠١٨/١٢/٢٠)بۆ مانای ناوی جەمشید زۆرتر بۆ ئەوە دەچن کە :(لە ئاوێستا بە ئەمیام و لە پەهلەوی دا بە شێوەی یاما و لە سانسکریتیش یاما هاتووە ، کە هە ندێک مانای ئاوا لێکدەدەنەوە – گەشاوە – ڕۆشن )(٥-ف-داستان جمشید-٢٠١٨/١٢/٢٠)

وەک دەردەکەوێ دوو زەمەنی لێکدوور بە زەمەنی جەمشید دازانرێ ، یەکەم : زەمەنی زۆر کۆن و سەردەمی ساردیی و بەستەلەک و یەخبەندانە . دووەم : زەمەنی هاوکات لە گەڵ بابیلیەکان . بێگومان لە نێوان ئەم دوو زەمەنە هە زاران ساڵ هە یە ! کە ئێمەش جەمشیدی سەرەمی بەستەلەکمان مەبەستە .

یەکێ لە کارە گرنگەکان کە دەدرێتە پاڵ جەمشید (حەوت )کاری گەورەن.

یەکەم : چرایەکە بێ سووتەمەنی دەسوتێ و ڕووناکی دەدات.

دووەم :باڵندەیەکە لە بەرامبەر خانوو لە ئاسمانەوە وەستاوەو ڕۆژ لێیدەداتو سێبەری نیە.

سێیەم :سازێکە دەسکەکەی لە لاژوەردەو چوار تاری پێوە بەستراوەو کە بای لێدەدا وەک بەڕبەت ئاوازی لێ هەڵدەستێ.

چوارەم : مێشێگەلێکە لە زێردروستکراون و کە دەفڕن و دەنگی فڕینیان دێت ، ئەگەر کەسێ ژەهری خواردبێت بەو دەنگە چاک دەبێتەوە.

پێنجەم : سوراحییەکە ئەگەر مەی بۆ سەت کەس تێبکەی هە ریکەو ڕەنگێکە و تادەگاتە ئەو کەسەی کە بەناوی ئەوکراوەو مەیەکە بەڕەنگی ئەو دەڕژێتە پیالە.

شە شەم : ڕووبارێکە و لە نێو ڕووبارەکە پردێکەو لەسەر پردەکە تەختێکەو لە سەر تەختەکە پەیکەرێکە ئاو بەیەکسانی دابەش دەکات ، ئەگەر دوو کەس کێشەیەکیان هە بوو چوونەلای پەیکەرەکە ، ئەوەی کە درۆی کردووە ژێر ئاودەکەوێ و ڕاستگۆیەکەش سەر ئاو.

حەوتەم :گومبەتێکی دروستکردبوو نێوەی سپی و نیوەی ڕەش ، ئەگەر کەسێ دەمرد شەوی سێیەم گیانی دەهاتەوەو ئەگەر ئەو گیانە لە سەر لایە سپییەکە بوایە ئەوە بەهە شتی بوو ، ئەگەر چووبایەسەر لا ڕەشەکە ئەوە دۆزەخی بوو .( د٤-ف-حفیفی، ص٦٣٥-١٣٨٣،٦٣٦(-

جەمشید بەو زانایی و دەسەڵاتە زۆرو پشتگیریە خوداوەندیەوە کە هە یبوو ، لە سەرتا زۆر کاری چاکی کردوو ژیان لە سەردەمی ئەو ژیانێکی بە هە شتیانە بوو لە هە موو ڕووێکەوە هە تا نەخۆشی و مردن نە بوو ، دواجار ئەهریمەن زەفەری پێ برد و کەوتە خراپە کردن و خوداوەندیش – فەڕی ئیزەدی – لێساندەوە .

چێرۆکی ژیان و سەردەمی – جەمشید پاشای ئەفسانەیی – دوورەو درێژە ، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، ڕزگارکردنی خەڵکە کەیە لە( لافاوی بەفر) ی دونیاگر ومانەوەی ژیانە بە هە موو پیکهاتەکانی بەمرۆڤ و گیانلەبەرو گیاو دارو درەختەوە لە ئەنجامی دروستکردنی (بەهە شتی ژێرزەوی ) و پەنادانی تێیدا بەسەرکردایەتی و پێشڕەوایەتی جەمشید پاشا

پێشتر گوتمان جەمشید خاوەنی – فەڕی ئیزەدی – بوو ، خوداوەند هێزو پشتگیری خۆی پێدا بوو ، جەمشید بە پێی ئاوێستا( خاونی سێ فەڕە، یەکێک لەوان فەڕی ئیزەدیە ، مەبەدیە- ئیماندار-یەودەگاتە میهر.فەڕی شاهی دەگاتە فەرەیدوون ، فەڕی پاڵەوانی و جەنگاوەری دەگاتە گورشاسب ).(١-ف-بهار،دکترمهرداد، ل١٣١٨،٢٢٤) لە بەرامبەر پێشهاتیکی گەورەی جیهانی - ئاهورا مەزدا – داوا لە جەمشید دەکات – وەر- دروست بکات ، وەر ئەو جێگایەیە کە هە رچی ئافەریدەی خوداوەندە تێیدا دەپارێزرێ .

کە جەمشید شمشێری پادشایەتی دەگرێتە دەست و زەمەنیکی پر لە خۆشی بەسەردەبات بە خۆی و خەڵکەکەوە سێ جار وڵات فراوان دەکات بە هۆی ئەوەی کەلەزەمەنی ئەو مردن نابێت و زەوی بەرە بەرە تەنگ دەبێت ، تا ئەو

وەختەی کە (زستانێکی سەخت ڕوو لە وڵات دەکات  ئەهورا مەزدا ئەنجومەنی خوداوەندان لە ئیریەنڤیچ کۆدەکاتەوەو جەمشیدیش لەو کۆبوونەوەدا دەبێت ،ئاهورا مەزدا ڕوو لە جەمشید دەکات و پێی دەڵێ : زستانێکی سەخت و ویرانکەر بەڕێوەیە و ئافەریدەکان لە نێو دەبات ،بۆ پاراستنی ئەمانە پێویستە وەرێ – قەڵا  یا باغێک – دروست بکەی وو باشترینی کە هە یە هە ڵبژێری و لە وێ پەنایان دەی . جەمشید پرسی ئەم وەرە چۆن دروست بکەم ؟من فەرمانی دروستکردنەکەم پیدای وگوتم :بە پێی خۆت زەوی یەکان ڕیکبخەو بەدەستی خۆت وەر دروست بکە ! جەمشید ئاوای کرد . پاشان باشترین تۆی چوار پێی ومرۆڤ و سەگ وباڵندەوئاگری سووری داگیرساوی بردە ئەوێ .) .((٤-ف-حفیفی،دکتر رحیمی،١٣٨٣)

وەکو دەبینین ئەو  وەرەی کە جەمشید دروستی دەکات بۆ ئەوە دەبێت کە خەلک لەم سەرما کوشندەیە ڕزگاربکات ؛(..ئەوانە – هە موو باشترینەکان- ببە جێژیانی خەلکەکە..تەویلەیێ بۆ ئەسپ و –هۆر- بۆ مەڕەکان وگەورەترین و باشترین و جوانترین نێرینەو مێینەی سەرزەوی ببەرە خوارەوە ..توخمی چوار پێیە جۆراو جۆرەکانی سەر زەوی تۆی چنراوەکان وخوردەنیەکان ببە ئەوێ وجووت جووتیان کەو  کە مەردوم لە بێن نەچووەکەی ئەوێ لە – وەر – نەوەک دوپشک و ..هە رچی ئەوانەی ئەهریمەنین ڕێبەدەری ئەوێ بکەن ).(٦-ف-پناگاە زیرزمینی ییما-٢٠١٩/٦٤)

شوێنی وەر لە سەرچاوە ئێرانیەکاندا:

مرتضی توهامی دەنووسێ :( یەکێ لە ناودارەکانی شارە ئیرانیەکان وەری جەمشیدە ، ئەو شارە لە ئیرانویچ وژێرزەمین و کێوەکان دروستکراوە ) ((مینوی خرد،پرسش٦١بند١٥)) وەر جەمکەرد لە نێو پارسەکان دایەوە وا بە سرواک ئێژێ کە  (وەر)جەمکەرد لە ژێر کێوی چەمگانە )((بندهش،بخش چهاردم بند١٩٩))(٥-ف-تهامی،مرتچ،ل٤٣-٦٣،١٣٨٣).

لەم سەرچاویەدا دوو خال دەردەکەون یەکەم :جێگای وەری جەمکەرد =دێرینکۆیۆ لە ئیران ویچە ، ئەو ئیران ویچەش دەکاتە ناوچەکانی شاری ورمێ و جێگای بە دنیاهاتنی زەردەشت پیغەمبەرە.ئەو ئیران ویچە درێژ دەبێتەوە هە تا (ویچی کێوەڕەش) لە ناوچەی ڕانیە و دەڕوا تادەگاتە( بوهتان ویچ)ی باکووری کوردستان شوینی ئیستای دێرینکۆیۆی شاری ژێرزەمینی .ئەوش یارمەتی دەرە کە جوگرافیای ڕوودانی لافاوی ساردی و وەری ژێر زەمینی جەمشید لە گەڵ جیهانی ژێرەوەی داستانی دەمموزی و عەشتار هە ردووکیان لە ئەو دێرینکۆیۆیەی ئێستا یەک دەگرنەوە و یەک شاری ژێرزەمینین.

دووەم: دەنووسێ شاری وەری جەمشید لە ژیرزەمین و لە ژیرکیوەکان دروستکراوە ، ئەوش لە گەڵ جیهانی ژێرەوەی داستانی دەمموزی وعەشتارو شاری ژێرزەمینی دێرینکۆیۆی ئێستا دیسان یەک دەگرنەوەو یەک شوێنن.

هە ر لە نووسینەکەی –مرتضی توهامی- داهاتووە کە ئاهورا مەزدا دەفەرمووێ جەمشید (وەریک دروست بکە هە رەباشەکانی چوارپاوهێسترو وڵاخ ومرۆڤ وسەگ وباڵندەوئاگری گەش وگەرم بەرە ئەوێ ) بۆ ئەوەئ ئافەریدەکان لە زەمانی ساردیە گەورە کە لەبین نەچن و تێیدا سەلامەتبن .ئەمەش هە مان کارە کە گەزنەفون باسی

ئەوە دەکات :گە یشتینە جێگایەک لەدوورەو خەلکێکی زۆرو مەڕومالآت و گاو ئەسپ دیاربوون ، کە چاویان بە لەشکری ئێمەکەوت ترسان و لەماویەکی کەمدا ئەو حەشاماتە زۆرە لەچاوبزربوون و نەمانزانی بۆکی چوون ! ئەو خەڵکە زۆرو ئەم هە موو مەڕومالآت وئەسپ و گاوگۆڵکە – بێ شک – جوونەتەناو شاری ژیرزەمینی دێرینکۆیۆی هە شت چێن بەژێریەکەوەی ژێرزەوی کە جێگای تایبەتی بۆ مرۆڤ و ئەسپ و گاو گۆلک و مەڕومالآت و تەواوی پیویستیەکانی ژیان هە بووەو لە لەشکری زۆری گەزنەفۆنی پاراستوون ، وەک ئەوەی لەسەرمای ئەستوور ئافەریدەکانی سەردەمی جەمشیدیش خەڵکەکەی پاراستووە .

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:

١-دێرینکۆیۆ وەک شارێکی ژێر زەوی زۆر دەگونجێ شوێنی دابەزینی ئینەناو ئەوانی تر بێت بەوەی کە لە حەوت چێنی بە ژێریەکەوە زیاترە، چونکە هە رکەس لە داستانە سۆمەریەکان دادەبەزێ دەبێ بە حەوت دەرگا دا تێپەڕێ و لە هە ر دەرگایەک بەشێک لە پۆشاکەکانی دادەکەنێ.

٢ -دێرینکۆیۆ زۆر لە گەڵ بە هە شتی ژێر زەمینی جەمشید دەگونجێ ، بەوەی کە جێگای ٣٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠ هە زار کەسی تێدا دەبێتەوەو جیگای ئاژەل و گیاو گولێشی تێدا هە یە ، کە ئەمانە دەپارێزرێن لە دەست سەرمای زۆر و بۆ مانەوەی مرۆڤ و بەردەوامی ژیان.

٣-جێگای دێرینکۆیۆ لە کوردستانە ، بە هە مان شێوە جێگای ڕووداوکانی دەمموزی و ژیانی و سەردەمی جەمشیدیش هە رلە کوردستانە ، چونکە سەردەمی داستانی تەمموز سەردەمی بەستەلەکەوسەردەمی جەمشیدیش بە هە مان شێوە سەردەمی لافاوی بەفرو سەرمایە ،وەک دەرکەوت چۆن کە شوێنی جوگرافی دێرینکۆیۆ کوردستانە ، ئەوا هە ردوو ڕووداوی دابەزین بۆ( جیهانی ژێرەوە ) ی داستانی دەمموزی و( بەهە شتی ژێرزەمینی) جەمشیدیش هە ر دەبێت لە م شوێنەو شوێنە هاوچەشنەکانی بێت لە کوردستان.

٤ -سەردەمی دروستکردنی دێرینکۆیۆ لەگەڵ سەردەمی بە هە شتی جەمشیدو سەردەمی دابەزینی ئینەننا وەک یەکەو بە هە موو حیسابان بۆ دوازدە هە زارسال پێش زاین دەگەڕێتەوە ، کە ئەمەش هە مان سەردەمی کشت و کالی ئەشکەوتە ، بەتایبەت کشت وکالی ئەشکەوتی شانەدەر و کۆنترین گوندی کستوکالی ئەشکەوت – گوندی زەڤیا چەمێ – زاوی جمی – ی نزیک ئەشکەوتی شانەدەر.

٥ – دواجار بە شێوەی ژێرزەمینی دێرینکۆیۆ و زیاتر لە حەوت چینی بە ژیریەکەوەو گرتنە خۆی زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس و مەڕومالات وگیاوگوڵی زۆرو شوێنە جوگرافیەکەی ،دەردەکەوێ کە دێرینکۆیۆ شوێنی ئەم رووداوە گرنگ وکۆنەی ژیانەو هە موو ئەم ڕووداوە مێژوویيانەی کە لە کوردستان ڕوویانداوە و شاری ژیرزەمینی دێرینکۆیۆش شوێنی ڕووداوەکانە .

## ئەو سەرچاوەو کتێبانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە سودیان لێبینراوە:

کتێبە کوردیەکان:
١-حەسەن،مەولود ئیبراهیم ،قەدەغەشکێنی ،چاپی یەکەم ،دەزگای سەردەم بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ،٢٠٠٠ سلێمانی
٢-محمد ،مەسعود معمد،گەشتەکەی زینۆفۆن،وەرگێران ،وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ،چاپی دووەم ، ٢٠١٣ هە ولێر
٣-هە رشەمی ،شاسوار،داستانی گلگامش ئەو کە قوڵایی بینی ،وەرگێران لەسوێدیەوە ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی تاران ٢٠١٧، تاران
٤-هە رشەمی، شاسوار، ئاوڕێک لە زمانی سۆمێری ، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویبجەمیل ڕۆژبەیانی .،سلیمانی ٢٠١٨
کتێبە فارسیەکان:
١-بهار،مهرداد،پژوهش دراساتیر ایران، پارەئ نخست و دویم، چاپ اول،شاپک ،تهران ١٣٧٨
٢-هولد،جفری هاوس .گزنفون: بازگشت ده هزار یونانی ،ترجمه؛منوچهر امیری،انتشارات نیل باهمکاری موسسه انتشارات فرانکلین ،تهران – نیویورک ١٣٣٩
٣-فرای ، ریچارد نلسون،تاریخ باستانی ایران ،مترجم، مسعود ڤجب نیا ،انتشارات حلمی فرهنگ، چاپ دوم ، تهران ١٣٨٢
٤-حفیفی،دکتر رحیم،اساطیر و فرهنگ ایران ،در نوشتەهای پهلوی ،انتشارات توس ،چاپ دووەم ،حیدری شابک، تهران ١٣٨٣
٥-تهامی ،مرتضی.شاه ارمانی وارمان شهر ،جستارهای تاریخی پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگ ،دو فضل نامه علمی –سال نهم ،شماره ای اول بهار وتابستان ،ایران ١٣٩٧
کتێبە عەرەبیەکان:
١-الماجدی ، دکتور خزعل،عراقولوجی ،عراق ماقبل التاریخ،لاطبعه الاولی ،لبنان ٢٠١٧
٢- الماجدی، دکتور خزعل،انبیائ السومریون ،کیف تحول عشره ملوک سومریین الی عشره انبیاء توراتیین ؟الناشر مرکز الثقافی ، ، طبعه الاولی لبنان ،بیروت ٢٠١٨
٣-سعدالله، صلاح،زینفون مسیره عشره الاف عبرکردستان،ترجمه ،منشورات دار التاخی ،طبعه الاولی ،مطبعه السلام ، بغداد ١٩٧٣
٤- کریمه، صموئیل نوح،الاسطوره السومریه ، انانا،ارشیگیکال،دیموزی ،ترجمه؛وتقدیم : د.شاکر الحاج مخلف ،تموز طباعه ونشر.توزیع.طبعه الاولی ،دمشق ٢٠١٦
سەرچاوە ی پێگە ئەلیکترۆنیەکان-
تێبینی : بە هوی ئەوەی کە شاری ژێر زەمینی (دێرینکۆیۆ) بە شێوەی تێب هیچ سەرچاوەیەک دەست نەکەوت ناچار بووم پشت بە پێگە ئەلیکترۆنیەکان ببەستم و سودیان لێبببێنم .
بەزمانی عەرەبی :
١-ع-الباحثوی السوریون- هلبوط الالهةالی العالم السفلی عذابات تموز الالهة الذی مات صبنا الجمیع -2018/12/19
https://w.w.w.syr-res.comarticle/9772.html
٢-ع-عشتار الهة الحب والجمال- مهدي سلمان الرسام 2019/2/25
https;//w.w.w.alnoor.se/article.asp?d268624
3-ع-العالم السفلي عند السوريون و البابليون-محمدعلي يوسف-2018/12/19
http://w.w.w.almothaqaf.com/b 1d/923516l
4-ع-اسرارعشتار وتموز – امجد سیجری -2019/1/14
http;//w.w.w.ahewar.org/s.asp?aid=610006&r=0
5-ع-النص البابلي لاسطورة نزوالالهة عشتار-انانا-الي العالم السفلي- 2019/1/14
http://w.w.w.aly-abbara.com/litteraturepoesie_arabe/Mythologie_fables/Tammouz_ishtar_bael.html
6-ع-ديرينكويو مدينة كاملة تحت الارض في تركيا- اميرة الجمال2018/12/18
https://w.w.w.noonpost.org/content/23257
7-ع-مدينة ديرينكويو من اجمل المدن العالم تحت الارض-2018/12/18
https://w.w.w.almrsal.com/post/332975
8-ع-ماهية مدينة ديرينكويو ومن بناهاومن حكمها- شيار جمو-2018/12/12
https;//w.w.w.shiyarjemo.com2016/04/blog-post_2.htmi
9-ع-مدينة ديرينكويو من اجمل المدن العالم تحت الارض-
المدينة التيتقبع تحت الارض- 2018/12/21
https;//alpha-scl.org/threads/%d9%85

10-ع-صور مدينة الجن في منطقة ديرينكويو- 2018/12/21
https://w.w.w.dreamb0xgate.net/forum/dream384783/
11-ع-ماذا تعرف عن مدينة ديرينكويو- 2018/12/21
https://w.w.w.sbadalrehman.org/t544-topic
١٢-ع-هبوط سيده الانوثه الى العالم السفلى -٢٠١٨/٤/٢٠
https;//w.w.w.facebook.com/IRAQ/WadyAlrafidyn/potos
١٣-ع-مدينه ديرينكويو احدى-٢٠١٨/١٢/٢١
http://klyoom.com/misceous%d9%85
سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:
به زمانی فارسی :
١-ف-ايرانيوم – جمشيد -٢٠١٨/١٢/٢٢
http://iraniom.blogfa.com/post/1036%d8%ac%d9
٢-ف-جمشيد كدست وچه دربارەاش مى گويند؟
https://seemorgh.comculture/history-and-civilization/-and-civilition-of-iran/56046-56046
٣-ف-شهرهاى زيرزمينى در ايران و جهان -٢٠١٨//١٢/٢٢
https://w.w.w.topnaz.com%d8%b4%d9%87
٤-ف-پيشداديان (اولين پادشاهان عالم)اسطورەهاو افسانه ها-٢٠١٨/١١/١٦
https://muth.tarikhema.org/article-1342%D9%BE%DC
٥-ف-داستان جمشيد در شاهنامەى فردوسى و تحليل ان –دكتر منصوەرستگارفسائى-٢٠١٨/١٢/٢٠
https://dr-rastegar.persianblog.ir/3MQ6bQXkdMiDDLOLypEx-%
٦-ف-پناگاه زير زمينى بيما/جمشيد در دوران عصر يخبندان-اينفو-٢٠١٩/١/١٤
https;//infu.ir%D9%BE%D9
٧-ف-بزرگترين شهر زيرزمينى كشف شدەدر تركيه-٢٠١٨/١٢/٢٢
http;//namnak.com%d8%a8%d8
٨-ف-ديرينكويو،شهر زيرزمينى زردشتيان+تصاوير-تابناک-٢٠١٩/١/١٤
https;//w.w.w.tabnak.ir/fa/news/231865%D8
٩-ف-ايرانويچ گمشده -٧، بهشت گمشده ايرانيان ، ٢٠١٨/١٢/٢٢
http://mehrangjd.blogfa.com/post/22

## خلاصه؛-

**ديرينكۆيو ..**

**ميان جيهان زيرزمينى داستان دموزى و بهشت زير زمين جمشيد**

**دكتر: مولود ابراهيم حسن**

**دانشگاه صلاح الدين /هولير**

**دانشکده‌ای زبان –پخش کردی**

**Dr.mawlud@gmail.com**

**افسانه، آیین و باستان شناسی مثلث دیرینه ای هستند که انسان نقش و نگار اندیشة خود را در آنها به جا گذاشته است و فعالیت خود را در آن نشر ان داده است با توجه به تحقیقات علمی نشان داده است که انسان از روزگاران بسیار دیرین در در زمینة آیین، فلسفه و افسانه تأمل کرده است و بدان اندیشیده است و بر اساس همان آیین، فلسفه و افسانه در کوهها خندق زده است و نقش و نگار آفریده است و معبد، خانه و مسجمه درست کرده است ما برای اثبات این آراء نظر در این پژوهش شهر درینکو ی زیرزمین در شما کردستان را با جهان زیزین داستان ایننا و دموزی= عشتار و تموز) سومری و (بهشت زیرزمین) جمشید پادشاه کیانی را موضوع پژوهش مقایسه ای قرار می دهیم و به دنبال زمان و نقاط مشترک آنها می گردیم و تلاش می کنیم ارتباط بین آنها را بیابیم و وقایع داستنانی را وارد جغرافیای دیرینکو کنیم و در این مورد نیز به علوم باستان شناسی، تاریخ کهن و نمادهای آیینی و فلسفه این تفکر و اندیشه های کهن پناه می بریم که سررشته و آثار آنها در جغرافیای رویدادهای داستانها دیده می شوددر این پژوهش در حد نیاز از بیشتر از یک تخصص استفاده می کنیم و سود می بریم آن هم علومی چون افسانه شناسی، باستان شناسی، آیین شناسی و تاریخ است که در نزد ما تحقیقات نشان داده است که تخصصها به تمامی ثمره اندیشه و تآمل انسان در تمامی زمانها و مکانها است به همین دلیل در بسیاری از جوانب همدیگر را در بر می گیرند و از همه گسسته نیستند در پایان به نتایجی اشاره می شود که در این پژوهش به آن دست یافته ایم.**

کلیداژگان: جیهان زیرزمینی،بهشت زیرزمینی، ایشتار ، دمموزی،جمشید ،دیرینکویو

## دكتور: مولود ابراهيم حسن

**جامعة الصلاح الدين /اربيل/كلية اللغاة-قسم الكردي**

Dr.mawlud@gmail.com

ان الاسطورة والدين والاثار اقدم ثلاثية التي ترك الانسان فيهما اثربسمةالتفكيروالعمل , حسب الابحاث العلمية تظهران الانسان فكر في الكون والدين بداية تفكيرا اسطوريا , وحسب هذه الافكار حفر الجبال وبنيت المعابد والبيوت والهياكل ذات المعني الديني ورموزالاسطوري معا.نحن للاثبات هذه الراي نقارن (مدينة ديرينكويو التحت الارض )والتي تقع في الشمال الكردستان مع العالم السفلي السومري وجنة تحت الارض في زمن ملك جمشيد الكياني ,

ففي ملحمة انانا والدمموزى= عشتارتموز السومرى مع جنة تحت الارض والتي بناها في زمن جمشيد لحماية الانسانية من الفناء من البرد القارص . في بحثنا هذا نقارن ما يوجد من النقاط المشترك بين الملاحم والمدينة ديرينكويو , مدينة ديرينكويو مدينة ذات الطبقاة الثمانية او اكثر طبقة تحت الطبقة تعتبر من العجائب الدنيا يقارنونها الاثاريون مع الاهرامات الفرعونية من غرابة بنيانها وتكوينها العجيب .ونحن نحاول ان نجد ارض الاحداث المشترك لنزول الي العالم السفلي وبقاء في جنة تحت الارض في تكوين الجغرافي لديرينكويو والهندسة بنائها , ونعتكد في بحثنا هذا علي اكثر من التخصص كا( علم الاسطورة وعلم الاثار وعلم الانسان والتاريخ والدين ) نحن علي الاعتقاد ان الاختصاصات كلها نتائج للتفكير الانساني في كل الزمان والمكان , فلهذا ان الاختصاصات المذكور يتداخلان ويتكاملان معا . وفي النهاية نصل الي النتائج المرجوة للبحث .

كلمات مفتاحيه : العالم السفلى ، جنه تحت الارض ، دمموزى ، عشتار ، جمشيد ،ديرينكۆيۆ .

# Derinko between the Underworld of Dammuzi Mythy and Undjamsheed Heaven.

## Dr.Mawlud Ibrahim Hassan

**College of Languages of Kurdish / Salahaddin Univeerworld rsity-Erbil**

Derinko between the Underworld of Dammuzi Myth and Underworld Jamsheed Heaven Abstract This study encompasses all human attempts in triumph of mythical achievements. According to scientific researches, it has been proven that Man throughout ages has been a deep thinker, and this accomplishment is the result of several religious, philosophical, and mythical studies and inquiries. The human attempts for thinking and his wonders are found out in the scratched pictures of the caves, the maps, and the structure of

temples, statues, and houses. In order to testify our hypothesis, the underworld City of Derinkoyo, the in Northern Kurdistan is carefully studied in relation to the underworld of the Sumerian Enanna and Dammuzi Myth (Ashtar and Dammuzi Myth), also in comparison with the Myth of Kayanida King's Jamsheed. The study addresses the mutual points between these myths, and it also explains the times of their events and their repeated themes as well. The study is a bridge between these myths as it aims to study the very details of the events and their histories in relation to the geography of Derinko. In order to academically achieve this target, the study appeals to anthropology, classical history, religious symbolism, and philosophical cryptography. Besides, any hint, connotation or reference that illustrates the civilizational backgrounds of these myths is utilized. In order to complete the academic mission of this research, an interdisciplinary approach is taken into consideration; mythology, ecology, religious studies, anthropology and history are the crust of this scope. In regard to this, studies and researchers have found out that all these specialties are the results of human wonder no matter what time or place these specialties have been. That is why, in many aspects, these specialties mirror each other and lead us to profound joint results.

Keywords: Underword,Underword Heaven, Dammuzi, Ishtar,Jasheed, Dernkoyo.

Dr.Mawlud Ibrahim Hassan

Assist Prof. Salahaddin University-Erbil

سوپاسی تایبەت:

زۆر بە گەرمی سوپاسی برایانی بەڕیزم دکتۆر جیهادو دکتۆر فهری ومامۆستا بوخاری عەبدوڵلای قەسرێ دەکەم ، کە کورتەی توێژینەوەکەیان بۆ کردووم بە فارسی و ئینگلیزی ، هە روەها سوپاسی هە موو ئەو بەڕیزانەش دەکەم کە پیشتر لە وەرگێرانی کورتەی نامەی ماسترەو دکتۆراو توێژینەوکان هاوکاریان کردووم، کە دەبوایە لەکاتی خۆی ناوم هێنابوان ..داوای لێبوردنیان لێ دەکەم . مەولود.